ئۆرگانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان
دەورەی تازە
# ئۆکتۆبەر
1
10ی کانونی یەکەم / دێسەمبەری 2020



## خۆپیشاندەران دەبێ چیبکەن؟

| موحسن کەریم

جارێکی دیکە شەپۆلی خۆپیشاندان دژی هەژاری و بێکاری و برسێتی بەشێکی بەرچاوی شارو شارۆچکەکانی هەرێمی کوردستانی گرتەوە. بەشداری گەنجان و تازەلاوان لەناو خۆپیشاندانەکاندا بەرچاوە. ئەوان رۆڵەی ئەو خێزانە کرێکاری و کەمدەرامەتانەن کە باوک و دایکیان یان بێکارن یان لەلایەن حکومەتەوە دەست بەسەر موچە و قوتی ژیانیاندا گیراوە. یاخود خۆیان بێکارن و هیچ سەرچاوەیەکی ژیان و گوزەرانیان نیەو حکومەتیش بەرامبەر بە ژیانیان هیچ بەرپرسیارێتیەک نیشان نادات بەوەی یان کارێکیان بۆ پەیدا بکات یاخود بیمەیەکی بێکاریان بداتێ وەکو ئەوەی لە زۆرێک لە وولاتانی دنیادا هەیە.

دەسەڵاتدارانی ناوچەی سەوز کە ئێستا خۆپیشاندانەکان تێدا سەری هەڵداوە بە گازی فرمیسک رێژ و بیبەر و بە فیشەکی زیندوو وەڵامیان داونەتەوەو تا ئیستا دوو خۆپیشاندەر گیانیان لەدەستداوە و دەیانیش بریندار بوون. چەندین کەسیش دەستگیرکراون. لەناوچەی زۆنی زەرد حکومەتی سەربازی ڕاگەیەنراوەو هەموو جۆرە کۆبونەوەیەک قەدەغەیەو سەرکوت دەکرێ! ئەم خۆپیشاندانە بەشێکە لەو نارەزایەتیە گشتیەی کە چەند رۆژێک لەمەوبەر وەکو بایکۆتی دەوامی فەرمانگە حکومیەکان دەستی پێکرد و سەری کێشاوە بۆناو باقی توێژە نارازیەکان و بەتایبەتی گەنجانی بێکار و رۆڵەی خێزانە کرێکاری و زەحمەتکێشەکان.

لە ساڵانی ڕابردووشدا نارەزایەتی و خۆپیشاندانی جەماوەری، مانگرتن و بایکۆتی دەوامی



## گفتوگۆ لەگەڵ عوسمانی حاجی مارف سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی حزب

### دەربارەی بارودۆخی سیاسی کوردستان و پرسی مووچەو ئایندەی نارەزایەتیەکان!

ئۆکتۆبەر: هاورێ عوسمان بارودۆخی سیاسی کوردستان لەئیستادا لەهەموو کاتێک لێڵترو نارۆشنترە. جێگەوپێگەی حکومەتی هەرێم بەشێوەیەکی بەرچاو بەرەوخوار هاتووە. گرێدانەوەی هەرێم بە دەسەڵاتی ناوەندەوە بەڕادەیەکە کە ئەگەر حکومەتی ناوەند مووچەی کارمەندانی کوردستان نەنێرێ، حکومەتی هەرێم خۆی ناتوانێ مووچەی کارمەندانی خۆی بدات؟ لەکاتێکدا پێشتر حکومەتی هەرێم تارادەیەک سەربەخۆییەکی ئابوری و سیاسی هەبوو وە بەوجۆرەی ئێستا نەبەسترابووەوە بە ناوەندەوە.. ئێوە ئەم باردۆخە چۆن لێکدەنەوەو هۆکاری ئەم گۆڕانکاریە بۆچی دەگەڕێننەوە؟

عوسمانی حاجی مارف : پێویستە بۆ بارگرژی ئەم هەلومەرجەی نێوان حکومەتی هەرێم و ناوەند، بچینەسەر ئەو پێشهات و چاوەڕوانیانەی کە

بۆ لاپەڕە 3

## خۆپیشاندان و نارەزایەتی جەماوەری بەشمەینەت ڕەوایە!

بۆ لاپەڕە 5

بەیاننامەی حزب دەربارەی خۆپیشاندانەکانی رۆژانی ڕابردوو



## گفتوگۆ لەگەڵ خەسرەو سایە ئەندامی دەستەی جێبەجێکاری حزب

### دەربارەی بزوتنەوەی کۆتاییهێنان بەدەسەڵاتی بۆرژوازی کورد و سیناریۆ سیاسی و عەمەلیەکان

ئۆکتۆبەر : هاورێ خەسرەو ئێستا خواستی کۆتاییهاتن بە دەسەڵاتی حزبەکانی بۆرژوازی کورد، بۆتە خواستێکی گشتیی خەڵکی کوردستان؛ واتە لەوە دەرچووە کە تەنها دروشمی لایەنێک یان حزبێکی سیاسی یان چەند حزبی سیاسی بێت. حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستانیش وەکو حزبێکی ئۆپۆزیسیۆنی دەسەڵاتدارێتی بۆرژوازی کوردو حکومەتی هەرێم، دروشمی کۆتاییهێنانی ئەم دەسەڵاتەی بەرزکردۆتەوە. ئایا ئەمە تەنها دروشمێکە یان بەرنامەیەکی سیاسی و هەنگاوی عەمەلی بەدوای خۆیدا دەهێنێ!؟

خەسرەو سایە: وەلانانی دەسەڵاتی ئێستای کوردستان، بەوجۆرەی کە بۆتە خواستی زۆرینەی

بۆ لاپەڕە 6

خوێندنگا و دامەزراوە حکومیەکان، وەکو چەکێکی دەستی خەڵک دژی بڕینی مووچەو پاشەکەوتی زۆرەملێیی مووچەو ستەم و زۆرداریەکانی حکومەت دژی خەڵکی هەژار و چەوساوە دەستی بۆ براوە. ئەم نارەزیەتیانە هەندێجار توانیویەتی پاشەکشەیەکی بچووک و کاتی بە حکومەت بکات و بۆماوەیەک مووچە دابەش بکات ... بەڵام دوبارە حکومەتی هەرێم دەستی کردۆتەوە بە توندکردنەوەی فشارەکانی بۆسەر ژیان و گوزەرانی خەڵک و ئەم ئەڵقەیە بەمجۆرە دوبارە بۆتەوە.

ئەوەی وایکردوە نارەزایەتی و خۆپیشاندانەکان نەتوانن پاشەکشەیەکی جدی بەحکومەتی هەرێم بکەن و ناچاری بکەن مووچەی کرێکاران و کارمەندان و مووچەخۆران بدات، بەرپرسیارێتی بەرامبەر بەژیانی هاوڵاتیانی بێکار نیشان بدات بەوەی یان کاریان بۆ پەیدا بکات یاخود بیمەی بێکاریان بداتێ، هەروەها خزمەتگوزاریە سەرەکیەکانی وەکو تەندروستی و شارەوانی و ئاوو کارەبا و... بەخۆڕایی یان نە نرخێکی ڕەمزی و بەشێوەی گونجاو و تەسەل بۆ هاوڵاتیان دابین بکات، ئەوەیە کە :

یەکەم؛ نارەزایەتی و خۆپیشاندانەکان نەیتوانیوە لەچوارچێوەی ئاسۆی سیاسی هێزەکانی بۆرژوازی ئۆپۆزیسیۆن تێپەڕبکات.

دووەم؛ نارەزایەتیەکان بێبەشن لە ڕێکخراوبوونێکی جەماوەری پتەوو بەردەوام(لەگەڕەک یاخود لە ناوەندی کارکردن-فەرمانگەو دامەرزاوەکان) لەچەشنی کۆبونەوەی گشتی، ئەنجومەن یان شورا.. یان....تاد.

سێهەم ؛ نارەزایەتی و خۆپیشاندانەکان بێبەش بوون لە ڕابەریەکی شۆڕشگێر و ڕادیکاڵ کە بتوانێ لەهەموو هەنگاوەکان و ساتەکانی خەباتی جەماوەریدا ئاسۆی داهاتووی دیاری بکات...

ئەم کەموکورِیانە بێجگە لەوەی فرسەت لەبەردەم سەرکەوتنی خۆپیشاندانەکاندا کەم و بەرتەسک دەکاتەوە، دەشیخاتە بەردەم مەترسی سەرکوتکردنەوە، بەهۆی ئەوەی جۆرێک لە کارو چالاکی پێشوەخت بەسەر ئەم خۆپیشاندانەدا دەسەپێنرێ کەلەگەل ئاستی بزوتنەوەی جەماوەریدا ناسازگارە، بەڵام لەگەڵ بەرژەوەندی سیاسی هێزە بۆرژواییە ئۆپۆزیسیۆنەکاندا دێتەوە، کە دەیانەوێ خەبات و تێکۆشانی خەڵک دژی دەسەڵات لەچوارچێوەی هەڵبژاردن و دەنگداندا قەتیس بکەن تا بیکەنە بەردەباز بۆ بەدەستهێنانی ئیمتیازاتی سیاسی و مادی بۆ خۆیان.

بەڵام بۆئەوەی خەبات و قوربانی خەڵک بە هەدەر نەڕوات و ماف و خواستەکانیان بەدی بهێنن، دەبێ؛

١/ جەماوەری نارازی لەژێر کاریگەری سیاسی ئەو لایەنانە بێنە دەرەوەو بە خواست و دروشمی ڕۆشنی خۆیانەوە بێنە مەیدانی خەبات و تێکۆشانەوە. کە لێرەدا هەندێ دروشمی سەرەکی دەخەینەڕوو:

_ دانی مووچەی مووچەخۆران بەشێوەی مانگانەو بەبێ لێبڕین.
گێڕانەوەی مووچە تالانکراوەکان.

_ دابینکردنی کار بۆ هەموو ئەو کەسانە کە بێکارن و ئامادەی کارن( ژن و پیاو) لەلایەن حکومەتەوە، یاخود دانی بیمەی بێکاری کە ژیانێکی شایستەیان بۆ فەراهەم بکات.

– نابێ لانی زۆری مووچە لە مووچەی کرێکارێکی شارەزا زیاتر بێت. دەبێ هەموو ئیمتیازاتە سیاسی و داراییەکانی کاربەدەستانی حکومەت هەڵوەشێتەوە.

– گێڕانەوەی داهاتی دزراوی خەڵکی کوردستان لەلایەن حزبە دەسەڵاتدارەکانەوە و تەرخانکردنی بۆ دابینکردنی ژیان و خزمەتگوزاریە گشتیەکانی خەڵک.

_ دابینکردنی خزمەتگوزاری تەندروستی خۆڕایی بۆ هەموو هاوڵاتیانی کوردستان.

_ دابینکردنی ئاووکارەبای بەردەوام و خۆڕایی بۆ سەرجەم هاوڵاتیان.

_ بەڕەسمی ناسینی ئازادی هەڵسوڕانی سیاسی و مانگرتن و خۆپیشاندان و رادەربڕین و.. تاد.

٢/ ئەزمونی تائێستا ئەوەی نیشان داوە کە ماف و ئازادیەکانی خەڵک لەچوارچێوەی هەڵبژاردن و دەنگدان و سیاسەتی حزب و لایەنە ئۆپۆزیسیۆنە بۆرژواییەکاندا بەدی نایەت. خەڵک بەکردەوە دەیەوێ کۆتایی بە دەسەڵاتی ئەم حزبانەی کوردایەتی بهێنێ، بۆیە دەبێ ئاسۆی خەباتی جەماوەری نارازی چوارچێوەی سیاسەتی ئەو لایەنانە تێپەڕ بکات و هەنگاو بەرەو دامەزراندنی دەسەڵاتدارێتی خۆیان لە خوارەوە بۆ سەرەوە بنێن.

٣/ تێپەڕکردن لە ئاسۆی سیاسی ئۆپۆزیسیۆنی بۆرژوازی، بەندە بەوەی کە هاوکات خەڵکی نارازی لە شێوازی کاری بۆرژوازی دووربکەونەوە. ئەویش بەوە دەبێ کە جەماوەری کرێکارو زەحمەتکێش کە زۆربەی هاوڵاتیانی نارازی و بێبەشکراوی کوردستان پێکدەهێنن، خۆیان لە ڕێکخراوەی جەماوەری خۆیاندا لەناو گەڕەک، لەناو فەرمانگەو دامەزراوە حکومیەکان و لە کارگەکاندا ڕێک بخەن. کۆبونەوەی گشتی خۆیان بەرپا بکەن و نوێنەرانی ڕاستەقینەی خۆیان لەو کەسانە هەڵبژێرن کە ڕابەرایەتی نارەزایەتی و خۆپیشاندانەکانی ئەوان دەکەن. بەرە بەرە هەنگاو بەرەو دروستکردنی ئەنجومەنە شۆڕشگێڕەکان و شوراکانی خۆیان بنێن. سەرەنجام دەبێ ئیدارەی ناوەندەکان و فەرمانگەکان و گەڕەک و شار بکەوێتە دەستی خەڵکی نارازی و شۆڕشگێرەوە.

سەرەنجام ئەنجامدانی ئەم کارەش لە هەنگاوی یەکەمدا ئەرکی ئێمە کۆمۆنیستەکان و هەڵسوڕاوانی یەکسانیخواز و ئازادیخواز و هەموو ئەو تێکۆشەرە شۆڕشگێڕانەیە کە دەمانەوێ کۆمەڵگای کوردستان بەرەو ئایندەیەکی خۆشگوزەران و یەکسان و ئازاد هەنگاو بنێت.

★

# درێژەی .. گفتوگۆ لەگەڵ عوسمانی حاجی مارف

ئەگەری ڕوودانیان هەیە، ئەویش ئەو گۆڕانکاریانەیە کە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەبێت پێیداتێپەڕێت، بەتایبەتی دوای نۆ ساڵ لە شێواوی و گێژاوو جەنگێک کە دەرگیری سوریاو ناوچەکە بووە، وە بۆتە مەیدانی ململانێ و جەنگی نێوان وولاتە زلهێزەکانی جیهان. ئێستا چاوەڕوان دەکرێت چۆنیەتی دەخالەتی ئێران و تورکیا لەعێراق و دەوری ئەمریکا و روسیا لە ناوچەکە قۆناغێکی تازە بەخۆیەوە ببینێ، کە نارۆشنی ئایندەو مەوقعیەتی حزبەکانی کوردایەتی خستۆتە بەردەم قەیرانێکی قوڵترەوە، تائەو ئاستەی کە قابیلی دارمان و هەرەسێکن کە ئەوسەرەکەیان نادیارە. بۆیە ئەو کێشەیەی لەنێوان حکومەتی هەرێم و ناوەند دایە کە بۆ چەندین جار بە ناوی بودجەو مووچەوە زەق دەبێتەوەو دوبارە دەبێتەوە، وە هەوڵدان بۆ ئاکامێکی ئەرێنێ بەئاراستەی چارەسەری ئەو کێشەیە هیچی لێ ڕەچاو ناکرێ، جگە لەوەی کە ڕێکەوتنێکی کاتیە و مانەوە لە دۆخی چاوەڕوانیدا درێژەی دەبێت، چونکە ئەوە ڕاستە کە مەسەلەی بودجەو نەدانی موچە بۆخۆی کێشەیەکە، بەڵام ناکرێ وەک کێشەیەکی سەرەکی پەیوەندی نێوان هەرێم و ناوەند لێکی بدەینەوە. ئەم کێشەیەی نێوان هەرێم و ناوەند کە بۆتە گرێ کوێرەیەک وە ژیان و گوزەرانی خەڵکی تیا بە بارمتە گیراوە، بە جۆرەها هێڵی سیاسی و دەخالەتی وولاتان و مەوقعیەتی تەواوی هێزەکان لە عێراق و کوردستاندا گرێ دراوە. لەهەر ئالوگۆڕێکی سیاسی و ئاستی هاوسەنگی هێزەکان و دەخالەتی وولاتانی زلهێزی دنیاو وولاتانی ناوچەکە ئەم کێشمەکێش و بارگرژیەی نێوان هەرێم و ناوەند زەقدەبێتەوە، هەر بۆیە جگە لەوەی بودجەو مووچە کێشەیەکی سەرەکی نیە، بەڵکو دیاردەیەکە تەعبیرە لە ناجێگیری و گێژاویکی سیاسی کە عێراق و کوردستان و ناوچەکە چەندین ساڵە دەرگیریەتی.

هەر بۆیە گەر تەنها لە بازنەی بودجەو مووچەدا بسوڕێینەوە ناتوانین ئاکامێکی ڕۆشن لەسەر ئایندەی سیاسی کوردستان بدەین بەدەستەوە، لەهەمانکاتدا ناگەینە ئەو ئاکامەی کە جێگیری لەپەیوەندی نێوان هەرێم و ناوەند بەدەست بهێنین. ئەوەی کە ئایا ئەتوانن مووچە بدەن یان نا، هەرێم نەوت دەنێرێت یان نا، بە مانایەک دەتوانم بڵێم ئەم کێشەیە لەچاو گشتگیری هەلومەرجی سیاسی ناوچەکەو دەخالەتی وولاتانی زلهێزی دنیاو، وولاتانی ناوچەکە وە دەورو مەوقعیەتی هێزە سیاسیەکان، کێشەکان زۆر فراوانترو بەرینتر خۆیان نیشان ئەدەن، تا ئەوەی بسوڕێینەوە بەدەوری ئەوەی بودجە دەنێرن یان موچە ئەدەن، بە بۆچوونی من ئیمکاناتێک لە کەڵەکەی سەرمایە و تالانی و جەردەیی و قاچاغچێتی لە نەوت کە خودی حیزب و هێزە سیاسیەکان زەخیرەیەکی بێشومارو وەهایان لەژێر زەمین و بانکە جیهانیەکاندا خەواندووە، زۆر باش دەتوانن بۆ چەندین ساڵ مووچە دابین بکەن. بە بۆچونی من دەتوانین بڵێین کێشەی تەواوی حیزب و هێزە سیاسیەکان و دەسەڵاتیان لە عێراق و کوردستاندا لە قەیرانێکدایە کاتێک دەخالەتی وولاتانی زلهێزو ولاتانی ناوچەکە دەیانەوێت ناوچەکەو عێراق بخەنە ناو ئالوگۆڕێکی تازەو ڕێکخستنەوەیەکی ترەوە، ئاشکرایە مەوقعیەت و ئایندەی حزب و هێزە میلیشیا ئیسلامی و تائفی و قەومیەکان، لە عێراق و کوردستاندا لەم نێوەدا دەکەونە بەر هەڵبژاردەی ئەو هەلومەرجە سیاسیە تازەیەوە کە ئاشکرا نیە چارەنوسی خودی ناوچەکەو عێراق و کوردستان و خودی هێزە سیاسیەکان بەرەو کام ئاراستەیە دەبات.

ئۆکتۆبەر: ئەم دۆخەی هەرێمی کوردستان، پێگەی حکومەتی هەرێم و دەسەڵاتداریتی بۆرژوازی کوردی بەرامبەر بە خەڵکی کوردستانیش ناڵەبارتر کردووە خەڵک و دەسەڵات بەڕوونی کەوتونەتە بەرامبەر بە یەکتر.. بەشێکی نزیک بە زۆربەی خەڵکی کوردستان نەک هیچ بڕوایەکیان بە حکومەت نەماوە، بەڵکو خوازیاری وەلانان و کۆتایی هاتن بەم دەسەڵاتەن. بەڕای ئێوە ئەم گۆڕانکاریە لە بیرکردنەوەو مەزاجی گشتی خەڵکدا هۆکارەکەی چیە؟

عوسمانی حاجی مارف: هەڵبەتە ئەوە ئاشکرایە لە ئەزمونی بیست و نۆساڵ دەسەڵاتی میلیشیایی و جەردەیی و گەندەڵی و قۆرخ کردنی سەروەت و سامانی کوردستان لەلایەن حیزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتیەوە ئاکامەکەی هەر بێزاری و تورەیی وناڕەزایەتی جەماوەریە، کە ڕوخانی یەکێتی و پارتی و حیزبە هاوکارەکانیان خواستێکی بەرفراوانی وەهایە دەیانەوێت ئەم دەسەڵاتە کۆتایی پێبێت. لەلایەک قۆرخکردنی سەروەت و سامان و کەڵەکەکردنی ڕۆژانەی سەرمایەیەکی بێشومار لەلایەن بەرپرسی حزبە دەسەڵاتدارەکانەوە، لەلایەکی ترەوە فراوانبونی بێکاری و هەژاری و نەداری و برسیەتی یەخەی زۆرینەی دانیشتوانی عێراق و کوردستانی گرتووە، بۆیە بەهەر شێوەو شێوازێک بێت ئەم تورەیی و ناڕەزایەتیە وەها تەعبیر لەخۆی دەکات. ڕووخانی ئەم دەسەڵاتە هیواو ئامانجێکی گەورەی خەڵکە، چونکە بە ئاشکرا دەبینین کە پەیوەندی نێوان دەسەڵاتی حیزبەکانی کوردایەتی لە بەرامبەر کرێکاران و بەشێکی زۆری خەڵکی هەژارو زەحمەتکێش قڵشتێکی گەورە بەخۆیەوە نیشان ئەدات،هەر بۆیە خەڵکی کوردستان و عێراقیش هیچ ئومێدێکیان بەم دەسەڵاتەو بانگەوازی چاکسازیەکانیان نیەو دەیانەوێت بڕوات و دەسەڵاتیان کۆتایی پێ بێت. هەروەها لە تێڕوانینی زۆرینەی خەڵکدا ئەوە ئاشکراو واقعیە، کە حزبەکانی کوردایەتی ڕاشکاوانە پێشخزمەتی بەرژەوەندی سیاسی وولاتانی ئیمپریالی و تورکیا و ئێران، کاری سەرەکی و چارەنوسێکی حەتمی و بەردەوامیانەو لەوە

سەوداو مامەڵەیەیاندا ئامادەن تەواوی دانیشتوانی کوردستان و عێراق بکەنە قوربانی و ژێرپێی بەرژەوەندی سیاسەتی ئەو وولاتەی نۆکەری بۆ دەکەن. بیست و نۆ ساڵە حزبە میلیشیاکانی کوردایەتی چارەنوسی کوردستانیان لە نائارامی و نا جێگیری سیاسی و سەرگەردانیدا ڕاگرتووە، کە قەیران بەداوی قەیران، کارەسات بەدوای کارەسات، ئاوارەیی و سەرگەردانی بەشی زۆرینەی خەڵکی نەدارو هەژارو زەحمەتکێشی کوردستان بووە. جار بەدوای جار هەلومەرجی ژیان و گوزەرانی خەڵک نائارام ترو قەیراناوی و نارۆشن تر بووە، ئێستاش لە لێواری ئەو ئاڵوگۆڕانەی لە ناوچەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا بەڕێوەیە، دەخالەتی زلهێزەکان و وولاتانی ناوچەکە ئەگەری خولقاندنی قەیرانێکی ترە، ئایندەی کوردستان لە سایەی دەسەڵاتی حزبەکانی کوردایەتیدا لە نمونەی هەرەس و داڕمان زیاتر شتێکی ترمان نیشان نادەن، ئەم دۆخە زیاتر ڕسوایی و بودەڵەیی پارتی و یەکێتی و هاوکارانیانی خستۆتە ڕوو کە بەناوی ئەوەی ناتوانن موچە بدەن و چارەنوسی بودجە بۆ ساڵی ٢٠٢١ دیارنیە، ژیان و گوزەرانی خەڵک تەنها دەبەستنەوە بە ناوەندەوە، ئاستی توڕەیی و ناڕەزایەتی و خواستی ڕووخانی دەسەڵات بەهەر بەهاو شێوازێک هزری بەشێکی زۆری دانیشتوانی داگرتووەو بێزارن و ئەم دەسەڵاتە بە نەفرەت دەکەن و نایانەوێت.

**ئۆکتۆبەر: سەرباری ئەوەی خەڵک خوازیاری کۆتایی هاتنی دەسەڵات و حکومەتی هەرێمن، بەڵام هێشتا ئاسۆیەک بۆ ئامادەیی خەڵک بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە دیار نیە. بەڕای ئێوە هۆکاری ئەم نائامادەییەی خەڵک چیە؟ دەبێ چی بکرێ بۆئەوەی بەسەر ئەو کەموکوڕیەدا زاڵ ببن؟ خەلک دەبێ چی بکەن؟ دەوری حزبە سیاسیەکان و بەدیاریکراوی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان لەم نێوەدا چیە؟**

**عوسمانی حاجی مارف:** وەک پێشتر ئاماژەمان پێدا و پێداگریمان لەسەر ئەوە کرد، هەلومەرجی سیاسی ناوچەکە لە حاڵەتێکی ناجێگیری و گێژاوێکی سیاسیدایە، کە کێشمەکێشی وولاتانی زلهێزی دنیاو وولاتانی ناوچەکە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیان لە حاڵەتێکی نارۆشن و سەرگەردان و بێسەروبەردا ڕاگرتووە، لەلایەکی تریشەوە چەندین هێزی ملیشیایی ناسیۆنالست و ئیسلامی بەگوێرەی هاوسەنگی هێزیان عێراق و کوردستانیان لە نێوان خۆیاندا دابەشکردووە بەچەند ناوچەیەک، بە مانایەک دۆخێکی وەها نەخوازراوو ترسناک و نائەمنیان پێکهێناوە کە کاریگەری لەسەرچۆنیەتی گەشەی توڕەیی و ناڕەزایەتیەکان بە نەرێنی و نائومیدی داناوە، تا ئەو ئاستەی دەبینین، چاوەڕوانی جێگای عەمەلی بونەوەو گەشەی ناڕەزایەتیەکانی گرتۆتەوە، هەڵبەتە ئەم حاڵەتە چاوەڕوانی خەڵک و واقعیەتێکی تاڵ و نەگونجاوەو، زیاتر دەوری هەیە لەسەر گۆشەگیرکردنی سیاسی و جێگاوڕێگای خەڵک لە هاوکێشە سیاسیەکاندا، سەختیەکی زیاتر لە دەورو دەخالەتی خەڵک لە دەسەڵاتی سیاسی و دیاریکردنی چارەنوسی خۆیدا دەنوێنێت، لەهەمانکاتدا ئاشکرایە کە ئەزمونی ناڕەزایەتی و ڕاپەرین و شۆڕشەکانی وەک ئێران و میسرو و تونس، ئاکامی بە نەرێنی گەیاندنی ئەو ڕاپەڕین و شۆڕشانە بە حاڵەتی جەنگ و بێئومێدی وێرانکاری، لە نمونەی لیبیاو یەمەن و سوریا ئەزمونێکی تاڵ و نەگونجاوو مەترسیداری بە خەڵکی نیشانداوە.

گەر ئێستا زیاتر لە حاڵەتی ناڕەزایەتیەکانی خەڵکی کوردستان بڕوانین، بەجیا لەوەی بێزاری و توڕەییەکی بەرفراوان لە بەرامبەر دەسەڵاتی سیاسی پارتی و یەکێتی و هاوکارانیاندا کوردستانی داگرتووە، دەبینین خواستی وەلانانی دەسەڵات ئامانج و هیوایەکی جدی جەماوەری بەرفروانە، بەڵام پێویستە جیاوازی بکەین لەنێوان ئەوەی کە خواست هەیە بۆ وەلانانی دەسەڵاتی سیاسی، لەگەڵ ئەوەی ئێستا نائامادەیی بۆ ڕوخانی دەسەڵاتی سیاسی حاڵەتێکی بەرچاوە ، بەتایبەتی بەهێزو خرۆشانی جەماوەری.

پێویستە بەدوای ڕێگەچارەی عەمەلیەوە بین، لە هەوڵدانمان بۆ هاتنەمەیدانی خرۆشانێکی جەماوەری بە ئامادەیی و ڕێکخراوەیی و یەکڕیزی ڕابەرانی و ئەڵتەرنەتیفی دیاریکراو بۆ دەسەڵات، لەهەمانکاتدا بەرجەستەکردنی دەور و دەخاڵەتی ڕاستەوخۆی خەڵک لەدەسەڵاتی سیاسی و دیاریکردنی چارەنوسی خۆی بۆ ئایندەیەکی ڕۆشن و سەقامگیر لە خۆشگوزەرانی و دنیایەکی باشتردا. ★

- دەسەلاتی بۆژوازی کورد، سەرچاوەی برسێتی و گرانی و بێکاری و سەکوت و بێمافیەکانە، ئەو دەسەلاتە ئەبێت ڕابماڵرێت.

- حزب و ڕەوتە سیاسیە بەناو ئۆپۆزیسیۆنەکانی بۆرژوازی کورد، میراتگری هەمان دەسەلاتی تالانچی بزوتنەوەی کوردایەتین، نابێت ڕێگەیان پێ بدرێت، خۆیان بە خواست و داوا ڕەواکانی جەماوەریدا هەڵبواسن!

- نابێت جەماوەری خرۆشاو بەم حزبانە بڕوابکەن و ڕێگایان پێبدرێت سواری شەپۆلی خۆپیشاندان و ناڕەزایەتیەکانیان ببن.

حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان

www.hkkurdistan.org

ئۆکتۆبەر بخوێننەوە و بەدەستی دۆستان و ئاشنایانی خۆتانی بگەیەنن!

سەرنوسەر:
موحسن کەریم
00964(0)770 047 5533
muhsin_km@yahoo.com

# خۆپیشاندان و ناڕەزایەتی جەماوەری بەشمەینەت ڕەوایە!

## بەیاننامەی حزب دەربارەی خۆپیشاندانەکانی ڕۆژانی ڕابردوو ی شارەکانی کوردستان:

جارێکیتر ناوەندی شاری سلێمانی ناڕەزایەتی جەماوەری بەخۆوەگرت. جەماوەرێک کە لەتاو هەژاری و بێکاری و بێموچەیی و نەبونی خزمەتگوزاری و دەردوبەلای کۆرۆنا و لە دژی ئەو جیاکاریە چینایەتی و ناعەدالەتیەی سالەهای سالە بەرەوڕویان بۆتەوە، ڕژانە نێو شەقامەوەو توڕەیی و نەفرەتیان بەڕووی دەسەلاتداراندا، باراند.

دەسەلادارانێک کە نەک هەر تۆڕی کۆمپانیاکانی نەوت و بازرگانیان بۆ یەک چرکە لەکۆکردنەوەی قازانج و سەرمایە ڕانەوەستاندوە و لەقاچاغچێتی و بەتالانبردنی داهاتی کۆمەلگا، تێریان نەخواردووە، کەچی دەستیان گرتووە بەسەر موچەو کرێی کرێکاران و فەرمانبەران و مامۆستا و خانەنشیناندا.. هەر بۆیە ئەم خۆپیشاندان و ناڕەزایەتیەی جەماوەری بەشمەینەت ڕەواو بەرهەقەو هەرجۆرە هەولێکی دەسەلات بۆسەرکوتکردنی ڕیسواو مەحکومە.

ئەگەرچی ناڕەزایەتیەکانی ئەم ڕۆژانە لەدژی نەدان و دواکەوتنی موچە کەوتۆتەڕێ، بەلام مەسەلەیەکی سەرەکی کەخەلکی برسیکراوی کوردستانی لەگەل خۆی بەرەوڕوو کردۆتەوە، سیستەم و دەسەلاتێکە کەلەسەر بنەمای دابەشبوونی چینایەتی و ڕاگرتنی هەژاری و بێکاری و ستەمو چەوسانەوەی زۆرینەی کۆمەلگاوە دامەزراوە و لەهەولیشدایە ئاکامەکانی قەیرانێکی خنکێنەری ئابوری و پەتایەکی کوشندەی وەک کۆرۆنا، کەبەرۆکی بەکۆمەلگا گرتووە، بەناوی چاکسازیەوە بەسەر سەری خەلکی هەژاردا بشکێنێتەوە و لەم ڕێگایەشەوە لەو بنبەست و شکستەی تێی کەوتووە خۆی هەلسێنێتەوە.

خەلکی ناڕازی کوردستان ئەگەر بیانەوێت نانو موچەو بژێوی بەدەست بهێنن، ئەگەر بیانەوێت لەم برسێتی و هەژاری و بێکاری و جیاوازیە چینایەتیە نەجاتیان بێت، ئەوا دەبێت ئەم سیستەم و دەسەلاتە بەپەرلەمان و حکومەت و ئابوریەکەیەوە سەروژێر بکەنەوە. ئەوەشی کە بالە ڕەنگاوڕەنگەکانی نێو پەرلەمان و ئەحزابێکی وەک نەوەی نوێ و ئیسلامیەکان و ناڕازیەکانی نێو حزبی گۆڕان و یەکیەتی نیشتمانی و ئەندام پەرلەمانەکانیان، کە دەم لە ئۆپۆزسیۆن دەکوتن و بانگەشە بۆ ڕێکەوتن لەگەل بەغداو بەستنەوەی داهات و موچەی فەرمانبەرانی کوردستان بەبەغداوە وەک بەدیلێک بۆ دۆخی ئیستا دەکەن، گوایە لەم ڕێگایەوە کێشەی هەژاری و بێموچەیی و ئەو قەیرانەی بەرۆکی بەخەلکی کوردستان گرتووە چارەسەردەکەن، جگەلەوەی باز بەسەر هەقیقەتی چینایەتی و ئەزمونێکی شکستخواردووی دەسەلاتداریتی بۆرژوازی کورددا دەدەن، هەموو هەولیان بۆ ئەوەیە کەئەم دەسەلات و سیستەمە کە سێ دەیەیە ژیانی خەلکی کرێکاران و زەحمەتکێشان دەهاڕێت لەخەتەری ڕاپەڕینی شۆڕشگێڕانەی ئەوان ڕزگار بکەن و خۆیان جێگەو ڕێگەیەکی لەبارتر بەدەستبهێنن. لەکاتێکدا خەلکی خرۆشاوی کورستان بڕیار نییە لەدژی کۆمپانیاکانی یەکیەتی و پارتی بێنەمەیدانەوەو دواتر ژیانی خۆیان تەسلیم بە پڕۆژەو کۆمپانیاکانی نەوەی نوێ و کۆمەل و یەکگرتوی ئیسلامی بکەن.

ناڕەزایەتی و بێزاری و توڕەیی ئەمجارەی جەماوەری کرێکار و بێبەشی کوردستان ملیناوە بە دۆخێکەوە کەئیتر ناتوانێ لەڕێگای چاکسازی و هەموو ئەو ڕێگایانەی کە حزبە ڕەنگاوڕەنگەکانی بۆرژوازی کورد دەیخەنەڕوو، مەسەلەی نان و کارو ئازادی چارەسەر بکات، هەربۆیە ژیلەمۆی ئەم ناڕەزایەتیانە لەوشوێنەوە ئەگەشێتەوە کە ئیلهام لەئاسۆ و ئامجی کۆمۆنیستەکان و شۆڕشی کۆمەلایەتی چینی کرێکار، بەرەو دامەزراندنی کۆمەلگایەکی سۆشیالیستی وەردەگرێ .

دەبێت خەبات و تێکۆشانە جەماوەریەکان بەسەر کەموکوڕی و ناتەواویەکانی خۆیادا سەرکەوێت و ڕیزی سەربەخۆی ئەوان لە سیاسەتو شێوازەکانی هەموو ئەو حزبانە جیابکرێتەوە، کەخەلک لەنێوان ڕێگاچارەکانی هەولێرو بەغدادا رادەگرن و هەمان سیستەمی دەسەلاتداریتی بەشێوازێکی تر بەرهەمدێننەوە. نابێ یاری بەخەبات و تێکۆشانی خەلکی ناڕازی بکرێت وئەوان بۆ شێواز و ڕەوشتێک ڕاکێشرێن کەنەک خۆیان بەدەسەلات ناگەیەنێت، بەلکو بەهانە دەداتە دەست دەسەلاتدارانەوە بەسادەیی سەرکوتی بکات. کەواتە دەبێت لەئێستاوە ئەم ناڕەزایەتیانە ڕێچکە بەرەو زانکۆ و گەڕەگ و کارگەو ناوەندەکانی کار و فەرمانگەکان و دامەزراوەکان بگرێت و بکرێنە مەیدانی سازدانی کۆبوونەوە گشتیەکان و لەوێش ڕاستەوخۆ نوینەران هەلبژێرن و بەڕێوەبەران و بەرپرسانی کاسەلێسی دەسەلات وەلابنێن. دەبێت ئیرادەی ڕاستەوخۆی جەماوەری بەکردەوە دامەزرێنن و کۆنترۆلی بەرهەمهینان و داهات بگرنە دەست و بڕیاری نوێنەرانی جەماوەر لەم ناوەندانەدا بۆ دابینکردنی موچە و بەڕێوەبردنی کۆمەلگا بەکردەوە نیشان بدەن. دەبێت دەسەلاتداریتی جەماوەری لەشوراو ئەنجومەنەکاندا شوێنی ئەم دەسەلات و سیستەمە بگرێتەوە و نان و کارو خزمەتگوزاری بکەوێتە دەست جەماوەی بەشمەینەتەوە.

**حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان**

**٤ ی کانونی یەکەمی ٢٠٢٠**

★

# درێژەی .. گفتوگۆ لەگەڵ خەسرەو سایە

خەڵکی کرێکارو زەحمەتکیش، هەر بەوجۆرەش نیشانەیەکە لەسەرهەڵدان و قوڵبوونەوەی قەیرانی حکومەتی بۆرژوازی کورد. بەم پێیەش دروشمە دەورەیەکی هەستیار لەخەباتی چینایەتی نێوان کرێکاران زەحمەتکێشان وچینی دەسەڵاتدار و حزبەکانی بە ئاراستەی ئاڵوگۆڕی سیاسی و کۆمەڵایەتی نمایشدەکات. بەرادەیەک کەئەم خواستە و ئەم دروشمە بۆتە دەرچەیەک کەنەک هەر خەبات بۆ دەر کێشانی کۆمەڵگای کوردستان لەو گێژاوە سیاسیە ولەو قەیرانە ئابوریەی کە تێی کەوتووە، لێوەی تێپەردەبێت، بەڵکو هەرجۆرە گۆڕانکاری و بوژانەوەیەکی کۆمەڵایەتی وهەر ئاستێک لەباشبونی دۆخی ژیان وگوزەرانی خەڵک و بە دەست هێنانی داخوازیە بنچینەییەکانیان بە جێبەجێبوونی ئەم خواستەو ئەم دروشمەوە گرێی خواردووە. لەم روانگەیەوە حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کوردستان، مەسەلەی وەلانان و کۆتایی هێنان بە دەسەلاتداریتی ئەحزابی بۆرژوا-ناسیونالیستی کوردی، لەرێگای هێنانەمەیدانی جوڵانەوەیەکی شۆڕشگێرانەی جەماوەریەوە کردۆتە دروشمی سەرەکیی خەباتی ئەم دەورەیەی خۆی. بەدیاری کراویش حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان، نزیک خستنەوەی چینی کرێکار لەدەسەڵات و بەکردەوە دەرهێنانی بەرنامەی سۆشیالیستی خۆی، لەدۆخی ئێستادا، بەوە دەزانێت کە بەرێگایەکی شۆڕشگێرانە سەرتاپای دەسەڵاتی ئێستا کۆتایی پێبهێنێ.. بەڵام هەر دروشمێکی سیاسی بۆ هەر حزبێک، واتایەکی عەمەلی هەیەو ناتوانرێت لەئاستی پروپاگەندەکردندا بمێنێتەوە. لەم روانگەیەوە دروشمی وەلانانی دەسەڵاتی ئێستا، بۆ حزبی ئێمە یەک ئیستراتژی سیاسی و عەمەلی خستۆتە بەرنامەی کاری خۆیەوە. ئیستراتیژیەک کە چۆن لەقۆناغی ئێستاوە، واتە لەقۆناغی هێنانەمەیدانی جەماوەر و شکڵگرتنی قودرەتی جەماوەری لەخوارەوە، لە کارگەو گەرەک و ناوەندەکانی کارو ژیاندا، تا یەکلاکردنەوەی دەسەڵات و هەڵوەشاندنەوەی سیستەمی سیاسی و ئیداری و قانونی و.. کە بۆرژوازی کورد پایەکانی دەسەڵاتی خۆی لەسەر دامەزراندواە، ئینجا شوێن گرتنەوەی بەدەسەڵاتداریتی جەماوەری رێکخراو لە شوراکانداو لێرەشەوە بردنی کۆمەڵگا بەئاقارێکدا کە پێداویستیەکانی شۆڕشی کۆمەڵایەتی وسۆشیالیستی چینی کرێکار فەراهەم بکات ...هەموو ئەمانە زنجیرە قۆناغێکی پێکەوەگرێدراو وەزائیفی دەورەیی لەبەردەم حزبدا دادەنێ کەدەبێ هوشیارانە لەئەستۆیان بگرێت و بیانباتە پێشەوەو هەنگاو بەهەنگاو رابەریی کۆمەڵایەتی چینی کرێکار، لە ئاڵوگۆڕێکی شۆڕشگێرانەدا زامن بکا.. لەیەک رستەدا ئەگەر وەڵامی پرسیارەکەتان کورت بکەمەوە، ئەوەیە کەمەسەلەی کۆتاییهێنان بەدەسەڵاتی ئێستا نەک هەر یەکێک لەدروشمە سەرەکیەکانی حزب پێکدێنێت، بەڵکو ناوەڕۆکی خەباتی سیاسی و هەڵسورانە عەمەلیەکانی ئەم دەورەیەی حزب دیاری دەکات..

**ئۆکتۆبەر: بە بڕوای ئێوە سیناریۆی سیاسی-عەمەلی دڵخواز چییە کەبتوانی بەکەمترین قوربانی دەسەڵاتی ئێستا یەکلابکاتەوە. ئەمە لەکاتێکدا کەدەسەڵات لە کوردستان، دەسەڵاتێکی حزبی و میلیشیایی و دابەش بووە بەسەر دوو زۆن و ناوچەی نفوزو دەسەلاتدا؟ پێداویستیەکانی ئامادەییەکان بۆ ئەم سیناریۆیە چییە؟**

**خەسرەو سایە:** بەبڕوای من سیناریۆی دڵخواز بۆ وەلانانی دەسەڵاتی ئێستا، سازدانی راپەرینێکی شاری، سەراسەری جەماوەریە کەسەرتاپای ئەم سیستەم ودەسەلاتەی ئێستا لەبوعدێکی فراوان و سەراسەریدا، لەماوەیەکی کورت و خێرا و بەکەمترین قوربانیدان، هەڵتەکێنێ و رێگابکاتەوە بۆ ئاڵوگۆڕێکی سیاسی و شۆڕشگێرانە. راپەرینێک کە لەرێگای هێنانەمەیدانی جەماوەری کرێکاران و زەحمەتکێشی شارەکان و لەدرێژەی پەرەدان و لێکهەڵپێکانی نارەزایەتیەکانی ئێستاوە دەست پێبکا و لەرەوتی خۆیدا خواستی جەماوەر بۆ وەلانانی دەسەڵات، بگۆڕێت بەجوڵانەوەیەکی بەکردەوەی سەرنگونخوازی، بەجۆرێک کە ئەم خەباتەو ئەم جوڵانەوە جەماوەریە بتوانی هەنگاو بەهەنگاو هاوسەنگیی هێز لەئاستی سەراسەریدا بەئاقاری وەلانانی دەسەڵات بگۆڕێ و ئامادەیی بۆ زەربەی کۆتایی، واتە پاکردنەوەی دەسەڵات، بەدەستبهێنێت. بەڵام ئەمە تەنها یەک سیناریۆیە و بێگومان میکانیزمە کۆمەڵایەتیەکان، قابلیەتەکانی چینی دەسەڵاتدارو جەماوەری نارازی، دابەشبونی دەسەڵات و سروشتی حکومەتی ئەحزاب، رۆشنبینی رابەران و ئاستی رێکخراوبوون و گەلێک فاکتۆری تر بەپێویست سیناریۆگەلێکی مومکین لەرەوتی سەرهەڵدان و چوونەپێشەوەی نارەزایەتیە جەماوەریەکاندا، وەک ئەوەی جوڵانەوەی بەکردەوەی سەرنگونیخوازی بێت، دێنێتە کایەوە. بۆیە نابێت سیناریۆی راپەرینی سەراسەری بەسیاسەتی چاوەروانی بگۆردرێ وئیتر هەموو ئەگەرەکان لەبەردەمدا دانەنرێ و کار لەسەر سیناریۆ مومکینەکانی تر نەکرێت. بەبڕوای من سروشتی دەسەڵاتی ئێستا وەک ئەوەی حاکمیەتی ناوچەیی ئەحزابی چەکدارە، ئەگەری ئەوە زۆرە کە سیناریۆی دڵخواز، بەشێوەیەکی شەپۆل، سەرەتا لەناوچەیەکەوە، واتە لەشارێک وەیا شارۆچکەیەوە دەستپێبکات و دواتر بەرەو شوێنەکانی تر پەرەبسێنێ وتەنانەت لەرووی زەمەنیەوە کاتی زیاتر لەوەی چاوەروان دەکرێ بخایەنێت، تا لەئاستی سەراسەریدا هەموو دەسەڵات وەلابنێ. گرنگ ئەوەیە رێگایەکی واقعی و دوور لەیاریکردن بەراپەرینەوە بخرێتە بەردەم خەباتی جەماوەری بۆ وەلانانی دەسەڵات.

سەبارەت بە پێداویستیەکانی

راپەرینیش، جگەلەوەی کەدەبێ قسەوباسی تەفسیلی زۆرتر لەم بارەوە بکرێ، بەڵام سیناریۆکان هەرچییەک بن چەند فاکتۆری سەرەکی بڕیاردەرە لەسەر چارەنووسی هەر راپەرینێکی سەرکەوتووی شۆڕشگێرانە، کە بەقازانجی خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێش تەواوبێت. کەمن لێرەدا بەکورتی ئاماژە بەهەندێکیان دەدەم:

یەکەم: ئاسۆیەکی شۆڕشگێرانە، کەمانایەکی عەمەلی و ستراتیژی بەخەباتی چینایەتی کارگەرو زەحمەتکێش لەدڵی نارەزایەتیەکانی ئێستا و خەبات بۆ سازدانی راپەڕین ببەخشێ و رێچکەی تاکتیکەکان و هەنگاوە عەمەلیەکانی ئێستا بەرەو بەدیهێنانی کۆمەڵگایەکی ئازادو خۆشگوزەران و سیستەمێکی حکومڕانی ببەستێت کە دەسەڵاتدارێتی راستەوخۆی جەماوەری رێکخراو لەشوراکاندا زامن بکات، مەرجی ئەم کارە ناکام خستنەوەو لەکارخستنی رەوتی چاکسازی و باڵابردنی زهنیەت و روحیەتی دەستبردن بۆ شۆڕشی چینایەتی دەخوازێ.

دووەم: رابەریەکی شۆڕشگێرانە کە رێنمایی و رێنیشاندەری خەباتی سیاسی و جەماوەری بێت و بتوانێ هەنگاو بەهەنگاو مەلزومات و پێداویستی سەرکەوتن ئامادە بکاو بزوتنەوەکە بەرەوپێشەوە بەرێت.

سێهەم: تەحەزوب و رێکخراوبوون و یەکگرتوویی جەماوەری لەخوارەوە لەئاستی سەراسەریدا، بەجۆرێک کەئیرادەی سۆڕشگێرنەی جەماوەر بەرەو بەرێوەبردن و کۆنترۆلکردنی بوارەکانی ژیانی ئابوری و ئەمنی و خزمەتگوزاری... بەرێت و مەشروعیەت لەدەسەلات وەربگرێتەوە.. بەگشتی هەموو ئەم خاڵانە بەمانای بەدیلێکی سیاسی و شۆڕشگێرانەیە، کە لەروانگەی ئێمەوە حزبی کۆمۆنیستی کرێکارییە.. بەبروای من بەبێ ئەم بەدیلە و ئەو فاکتۆرانەی باسمانکرد هەرجۆرە هاتنەمەیدانێکی جەماوەر قابیلی ئەوەیە بەلارێدا ببرێ و لەلایەن باڵێکی تری بۆرژوازی و ناسیناڵیزمەوە کۆنترۆڵ بکرێ و خەبات و تێکۆشانی جەماوەری کرێکارو زەحمەتکێش و ئومێدو خواستەکانیان بۆ رزگاربوون لەدۆخی ناهەمواری ئێستا، بکاتەوە قوربانی و بەفیرۆبچێت.

**ئۆکتۆبەر: حزب کاتێک باس لە کۆتاییهێنان بە دەسەڵاتی ئەم حزبانە دەکات کە لەسەریانەوە تا پەنجەی پێیان چەکدارن، بێگومان رووبەرووی هێرشی سەربازی ئەوان دەبێتەوە رەنگە هەر لە سەرەتاوە هەموو پرۆژەکەی حزب بەشکست بکێشن و بگرە کەشوهەوایەکی نالەبار بۆ خودی هەڵسوڕانی حزبیش دروست بکەن. چۆن مامەڵەی ئەم ئەگەرە دەکەن، کە ئەگەرێکی واقعیە؟**

**خەسرەوسایە:** بەڵێ .. راپەرین لەکوردستان لەگەڵ دەسەڵاتی ئەحزابێکدا بەرەورووە کە سەرتاپایان چەکدارە و ئەمەش یەکێکە لەقابیلیەتەکانی چینی دەسەڵاتدار، بەڵام راپەرین خۆی یەک هونەرو یەک جەنگە، هونەرە بەمانای ئەوەی کەچۆن رابەری سیاسی و عەمەلی خەباتی جەماوەری، ئەم قابیلیەتە لە دەسەڵات وەربگرێ و ناکامی بکاتەوە. جەنگە بەمانای ئەوەی کەچۆن هێزی دوژمن لەتوپەت بکرێ و توانای ئینسجام و دەستکردنەوەی پەک بخرێت، وە لەبەرامبەریشدا چۆن قابیلیەتی چەکدارانەی جەماوەر بەرزبکرێتەوە و بەفراوانی چەکداربکرێن. هەردوو ئەم بارەش گرێدراوە بە دەستبردن بۆ ئەو تاکتیکانەی کە لەلایەک توانای سەرکوت و پەلاماردانی دەسەڵات پەکدەخات و لەلایەکی تریشەوە رێگابگرێ بەموجازەفەو یاریکردن بەراپەرینەوە. بەواتایەکی تر ئەگەر بە دەقیقی بڵێم بابەتەکە لە دووئاستدا مەترەحە.

یەکەم: پەیوەندی بە چۆنیەتی هێنانە مەیدانی جەماوەرو خستنەرووی ئەو خواستانەوەیە کەلەلایەن رابەرانی بزوتنەوەکەوە دەخرێنە پێشپای جوڵانەوەکە، بۆ نمونە، دەستبردنی پێشوەخت بۆچەک، قەتیس کردنی نارەزایەتیەکان بەتەنها لە ناوەندی شارەکاندا.. ئەمانە ئەتوانن بەهانە بدەنە دەست دەسەڵات کە بەخێرایی و هەر لەسەرەتاوە دەستبەرێت بۆسەرکوت. تەنانەت هەڵبڕینی خواستی ناواقعی کەهێشتا لەگەڵ توانای جووڵانەوەکەدا نیە دیسانەوە بزووتنەوەکە رووبەرووی سەرکوتی دەسەڵات دەکاتەوە. لەمبارەوە جوڵانەوەی ١٧ ی شوبات نمونەیەکی رۆشنە کەچۆن لەرووی هاتنەمەیدانی خەڵک و خواستەکانەوە بەهانەی دا بە دەسەڵات ودەستی بۆ سەرکوت برد. بەپێچەوانەوە هێنانەمەیدانی جەماوەر لەئاستی گەرەک و کارگەو ناوەندەکانی شارو زانکۆ و بەرێوەبەرایەتیەکان.. لەدەوری خواستی سادە و کۆنکرێت.. بردنەپێشەوەی ئەم خەباتە بەرەو کۆنترۆڵ و بەرێوەبردنی ناوەندەکان و ئینجا دەستبردن بۆ مانگرتنی گشتی و سەراسەری.. ئەتوانێ توانای سەرکوتگەری دەسەڵات بەرادەیەکی باش پەکخات.

دووەم: هیچ راپەرینێک لەمێژوودا بەبێ لەتوپەتکردنی هێزی سوپا و چەکداری دەسەڵات بەسەرکەوتن نەگەیشتووە. ئەمەش لەگرەوی دەستبردن بۆ ئەو تاکتیکانەدایە کە بەشێک لەهێزەکانی دەسەڵات بەرەرو لای جەماوەر رادەکێشێ و ناکۆکی دەخاتە نێوان هێزە سەرکوتگەرەکانی دەسەڵاتەوە. نابێ ئەوەمان لەبیربچێت لەکوردستان بەشێکی زۆری هێزی چەکداری حزبەکان پێشمەرگەن، ئەم هێزە جگەلەوەی رۆڵەی کرێکاران و زەحمەتکێشانن، هەروەها لەسایکۆلۆژیای کۆمەڵایەتیدا هێزێکە دژی زۆرداری و دەسەڵاتی دەرەکی دروست بووە و رێزو مەقبولیەتەکەی لێرەوە بۆ پەیدابووە، بۆیە سادە نییە بەگشتی بکەوێتە بەرامبەر خەڵک و دەستبەرێ بۆ کوشتاری خەڵکی نارازی کە لەدژی هەژاری و بێکاری و نەبوونی و بێدەرەتانی هاتۆتەمەیدان و کەم تازۆر ئەوانیش تێیدا هاوبەشن.. بەبروای من کارکردن بەم ئاراستانەدا .. بەپلەیەکی زۆر ئەو توانایە لە چینی دەسەڵاتدار دەسێنێ کە بەویستی خۆی بتوانێت خەباتی جەماوەری بەسادەیی سەرکوت بکات.

☆

# پەیام بۆ جەماوەری خرۆشاو و ڕاپەڕیوی کوردستان!

**جەماوەری خرۆشاو و ڕاپەڕیوی کوردستان!**
**کرێکاران و کارمەندان!**
**لاوان و ژنانی تامەزرۆی ئازادی!**

بێباکی دەسەڵات لەبەرامبەر ژیان و گوزەرانی ئێوەدا، موچە بڕین و سیاسەتی برسیکردن، بێکاری و گرانی، دزی و تاڵانی ئاشکرا، سەرکوت و بێمافی هەمەلایەنە.. ئێوەی ناچارکرد کە بۆ بەرگری لە ژیان و گوزەران و شکۆی ئینسانیتان بێنە سەر شەقامەکان و نارەزایەتی فراوان لەدژی دەسەڵات، دەست پێ بکەن، ئەمەش مافێکی ڕەوا و ئەرکێکی پێویست بوو.

وەکو پێشبینی دەکرا، دەسەڵات وەکو پیشەیی مافیایی خۆی، لە جیاتی وەڵامدانەوە بە خواستە زۆر سادەو ڕەواکانتان، دەستی برد بۆ گرتن و ڕاوەدونان، زیندان و بەکارهێنانی غازی فرمێسک ڕێژ، دواتریش ئێوەی دەست بەتاڵی کردە نیشانەی تفەنگچیەکانیان.. لە بەرامبەردا ئێوەش ناچار بوون بۆ سنوردانان بۆ توندوتیژی دەسەڵات، دەست بۆ سوتاندنی بارەگای حزبەکان ببەن، ئەو بارەگایانەی لە بنەڕەتدا موڵکی خەڵکی کوردستانن و ئەوان دەستیان بەسەردا گرتووە. ئەو بارەگایانەی دەمێکە بوونەتە رووی قێزەونی دەسەڵاتی تاڵانچی و مافیایی.

گومان لەوەدا نییە، ڕامالینی دەسەڵات و بەبێ دەست بەسەراگرتنی بارەگای حزبیەکان، بەبێ راوەدوونانی بەرپرسە دزو تاڵانچییەکان، بەبێ پەلکێشکردنی دز و دەستە سەرکوتگەرەکان بۆ بەردەم لێپرسینەوەی جەماوەری و بەدادگا کێشانیان، بەشوێنێک ناگات. بەڵام ئەمە تەنها لایەنێک و هەنگاوێکی شوڕشگێرانەیە لە ڕێگایەکی درێژتر تا سەرکەوتن. لایەنێکی تری کە دەتوانین بڵێین تەواوکار و درێژە پێدەری هەنگاوی یەکەمە، چۆنیەتی ڕێگەگرتنە لە گەڕانەوەی هێزەکانی دەسەڵات، دەرگا داخستنە بەرووی دوبارە سازدانەوەی بارەگاکانیان و گێڕانەوەی بەرپرسی تر بە ڕوخسارێکی ترەوە. بۆ ئەوەی ڕێگە لەوە بگیرێت گەرەک و شارو شارۆچکەیەکی ئازادکراو، جارێکی تر بکەوێتەوە دەستی حزبە نەفرەت لێکرا و دز و تاڵانچییەکان، پێویست دەکات:

١/ سازدانی کۆبونەوەی گشتی و هەڵبژاردنی ئازادانەی ڕاستەوخۆی نوێنەرانی خۆتان لەو کۆبونەوانەدا، تا کاروباری گەرەک و شارۆچکە و شارەکان بەدەستەوە بگرن و ڕیگە نەدەن بۆشایی بەڕیوەبردن و ئەمنی دروست ببێت.

٢/ پێکهێنانی گارد و دەستەی چەکداری خۆبەخش، بۆ بەرگری لە خۆتان و ئاسایشی هاوڵاتیان و ممتەلەکاتە حکومیەکان بۆ ڕیگەگرتن لەوەی هێزی چەکداری حزبی و میلیشایاکان هەوڵی گەڕانەوە بدەن.. چونکە دەبێ دڵنیابن لەهەر جێگایەک کە پاک دەکرێتەوە، ئەگەر دەست بەجێ دەسەڵاتی ڕاستەوخۆی جەماوەری جێگەی نەگرێتەوە، ئەوا حزبەکان بەزۆری چەک جارێکی تر دێنەوەو خۆیان دادەسەپێنەوە.

٣/ ئەو بارەگا حزبیانەی دەستیان بەسەردا دەگیرێت، پێویستە بپارێزرێن و ڕیگە نەدرێت بسوتێنرێن، لە جێگای ئەوە پێویستە بکرێنە بنکەو بارەگا و نووسینگەی دەسەڵاتداریێتی جەماوەری و شوێنێک بۆ کۆبونەوە و سەکۆیەک بۆ ئاڵوگۆری بیرورا و سەنگەرێک بۆ بەرگری و ئەوەشی کە زیاد دەبێت، موڵکی هاوڵاتیانە و دەبێ بپارێزرێت.

٤/ بیناو دائیرەو سەرجەم ممتەلەکاتە حکومیەکان، دەبێ زۆر بە گرنگیەوە بپارێزین، شارەوانی و تاپۆ، بانق، پەروەردە، ئاو کارەبا، نفوس و جنسیە□ تاد، ئەمانە موڵکی حزب نین و خاوەنەکەیان هاوڵاتیان خۆیانن، نەک نابێ دەستیان بۆ ببرێت، بەڵکو پێویستە لەلایەن گارد و دەستەی چەکداری خۆبەخشەوە بپارێزین.

**سەرکەوتن بۆ جەماوەری ڕێکخراو و یەکگرتوو حەقخوازە.**

**هاوڕێ و هاوخەباتتان**
**عەبدوڵا مەحمود**
**٨/١٢/٢٠٢٠**



سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی:
عوسمانی حاجی مارف
Mob: 00964(0)7701570050
Email: osman_maruf@yahoo.com
مەکتەبی سیاسی:
موحسن کەریم
Mob: 00964(0)770 047 5533
Email: muhsin_km@yahoo.com
سکرتاریەتی مەکتەبی سیاسی:
عیرفان کەریم
Email: arfan96@yahoo.de
ڕێکخراوی دەرەوەی وڵات:
دەشتی جەمال
Mob: 0044 (0) 07856032991
Email: dashtyjamal@gmail.com
نوری بەشیر
Email: nooribashir1@yahoo.com
Mob: 0044 (0) 74 7620 4121

**دەسەڵاتیك نەتوانێ لەماوەی (٣٠) ساڵدا ئاوو کارەبا و مووچە و خزمەتگوزاریە سەرەتاییەکان بۆ هاوڵاتیان دابین بکات، دەبێت هەرچی زووە بڕوات!**